# چیرۆکی ئۆسکار لە سەرەتاوە تاکو ئێستا

ئا: کاوە فەتاحی




لە کۆتاییـیەکانی ساڵی ١٩٢٠ ئەو کاتەی دەنگ هاتە ناو سینەما، هەتاکو سەدەی بیست و کەڵک وەرگرتن لە وێنەگەلی کۆمپیوتەری بەرهەم هاتوو، ساڵەکانی پڕ لە خوڵقاندن و لەناوچوونی ستایلە جۆراوجۆرەکان بوون.

هالیوود بەردەوام دەسەڵاتدایەتی خۆی بەسەر جیهانی خەیاڵدا پاراستووە و زاڵ بووە بەسەر هەموو فیلمەکانی ئەوروپا، بەریتانیا و هیند، کەچی ئەم فیلمانەش بینەری خۆیان بووە.

ئەستێرەکانی هالیوودیش لە یەکەمین ئەکتەرە جیهانییەکانەوە لە دەیەی ١٩٣٠ تاکو ئەستێرەکانی دەیەی ١٩٥٠ و ئەکتەرە گەشاوەکانی دەیەی ١٩٧٠ و ئەکتەرەکانی

ئەمرۆیی کە هەڵسوکەوتەکانیان باسی ڕاگەیەنەرەکانە ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەر هاتووە.

لە هەمووی ئەم ساڵانەدا، خەڵاتی ئۆسکار بارودۆخی گشتی سینەما بووە و وەکو دەستخۆشییەک بۆ فیلمەکان، ئەکتەران و ئەو دەرهێنەرانەی دەسکەوتی بەردەوامیان هەبووە بەخشراوە. تەنانەت هەر کاتێک ئاکادیمی لە یەکێکیان غافڵ بووبێت، دیسان پێوەری پۆزەتیڤی بۆ تێگەشتن لە ڕەوتی ڕاپەڕیو لە سەنعەتی سینەما خستووەتە بەردەستی لێکۆڵەران. بەکلیککردن لەسەر بابەتی دەیەکان سەبارەت بەسەنعەتی فیلم لەو کاتدا و چۆنیەتی کاریگەری ئۆسکار زانیاری زیاتر وەدەست بێن.

## دەیەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠

ئۆسکار هاوکات لەگەڵ هاتنی دەنگ بۆ سینەما هاتە ئاراوە. هەڵبەت ئەم خەڵاتە تاکو ساڵی ١٩٣٩ بەشێوەی ڕەسمی ناوی ئۆسکار نەبووە. بەهاتنی دەنگ، ستۆدیۆ فیلمسازییەکانی ئەمریکا زاڵ بوون بەسەر پیشەی فیلم و هیوای سەرەتایەکی درەوشاو بوو بۆ هالیوود. بەهاتنە ئارای تەکنیکی تەکنی کالێر، زۆربەی فیلمەکان ڕەنگی بوون.

یەکەمین ڕێوڕەسمی ئۆسکاریان لە ڕاستیدا خەڵاتی ئاکادمی لە ساڵی ١٩٢٩ لە تەلاری «بێلاسام» یان «شکۆفە»ی ڕۆم لە هۆتێلی ڕۆزوێلتی هالیوود بەڕێوە چوو.

فیلمی «باڵەکان» کە باس لە دوو فرۆکەوانی ئەمریکایی دەکات کە هەر دووکیان حەز لە کچێک دەکەن، خەڵاتی باشترین فیلمی دەستەبەر کرد و «ئیمیل یانینگز» خەڵاتی باشترین ئەکتری پیاوی بۆ دەوری لە فیلمی «جەستە یان هەموو لەش» وەرگرت. «جێنت گینوێر» بۆ کایە لە فیلمی «ئاسمانی حەوتەم» خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنی وەرگرت.

ساڵی ١٩٣٠ یەکەمین ئەستێرە جیهانییەکان تێیدا دەرکەوتن: «ئێسپێنسێر تریسی»، «کلارک گیبێل»، «بێت دێیویس» و «کاترین هێپبۆرن» هەموو بۆ یەکەمین جار خەڵاتیان وەرگرت و دواتر ئەم چوار کەسە لە دەیەکانی تریشدا براوەی خەڵاتی ئۆسکاریان بوون.

یەکەمین دەرهێنەر ئەستێرەکان وردە وردە دەر ئەکەون. «فرانک کاپێرا» لەم دەیەدا سێ جار (بۆ وێنە بۆ فیلمی شەوێک ڕووی دا) خەڵاتی بردەوە و « جان فۆرد »یش بۆ فیلمی « سیخوڕ» خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەری وەرگرت.

لە دەیەی ١٩٣٠ دوو فیلمی کلاسیک لە نەیانتوانی خەڵاتەکە لە بەر دوو فیلمی براوە وەربگرن. لە ساڵی ١٩٣٢ فیلمی «چەک دانان» بەبەشداری گەری کوپەر و ئالێن هیز خەڵاتەکەی بە"سوارە نیزام" دۆڕاند و فیلمی «لاپەڕی یەک» بەبەشداری «پێت

ئەوبرایەن»یش لە ساڵەکانی ١٩٣٠-٣١ لە بەرامبەر فیلمی «سیمارۆین»ی ویسترێن نەیتوانی سەرکەوێ و فیلمەکەی «ویسترێن» براوە بوو.

لە ساڵی ١٩٣٥ فیلمی «شەوێک ڕووی دا» لە دەرهێنانی فرانک کاپێرا یەکەمین فیلم بوو کە پێنج خەڵاتی باشترین دەرهێنەر، باشترین ئەکتەری ژن و پیاو، باشترین فیلم و باشترین فیلمنامەی بە یەکجار وەرگرت. چیرۆکی ڕۆژنامەنووسێک کە حەز لێکردووی لە ژنێک دەکات کە میراتێکی یەکجار زۆری بۆ ماوەتەوە بەڵام لەگەڵ بنەماڵکەی ناسازێ و لێیان هەڵدێ، خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی بۆ کلارک گیبێل دەستەبەر کرد.

لە هەمان ساڵدا یەکێک لە گەورەترین پێشڕەوانی سینەما، «دێیڤید وارک گریفێس» ناسراو بوو بەو پیاوەی هالیوودی سازکرد خەڵاتی تایبەتی ئاکادیمی بردەوە.

گریفێس پێشڕەوی داهێنان و کەڵک وەرگرتن لە زۆرێک لە تەکنیکە چیرۆک بێژییەکان لە سینەمادا بوو و یەکێک لە یەکەمین بەرهەمە کلاسیکەکان لە سینما بەناوی «لە دایک بوونی نەتەوەیەک» لە ساڵی ١٩١٥ لە دەرهێنانی ئەو بوو.

**دەیەی ١٩٤٠**

سینەما هەر وا لە گرینگی و ڕادەییدا گەورە دەبوو ئەستێرەکانیشی ڕوو لە زیاد بوون بووبوو.

ئینگرید برێگمان لەم دەیەدا چوار جار ناوزەدی وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن بوو، تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٤ دا ئەم خەڵاتەی بۆ کایە کردن لە فیلمی «چرا گاز» وەرگرت.

لارنێس ئولیویەر ئەکتەری شانۆیی بەریتانیا بەسەرکەوتوویی چووە هالیوود و شەش جار ناوزەدی وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری و باشترین دەرهێنەری بوو. جێیمز «ئێستوارت»یش پێنج جار بوو بەناوزەدی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار، لەو دەیەدا سێ جار ناوزەد بوو و ساڵی ١٩٤٠ خەڵاتی ئۆسکاری بۆ کایە لە فیلمی «چیرۆکی فیلادێلفیا» بردەوە. فرانک کاپێرا، بیلی وایلێر، جان فۆرد و ئۆرسێن وێلز بەهێزترین بەرهەمەکانیان لەم دەیەدا خوڵقاند.

لە ساڵی ١٩٤٠ فیلمی «لە دەست چوو» زیاتری خەڵاتەکانی ئۆسکاری وەرگرت، ئەمە لە کاتێکدایە ئەم فیلمە هێشتا بەکلاسیک دەناسرێ، دەرهێنەری ئەم فیلمەش ویکتۆر فلمینگ لە بیر چووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٤١ کێبڕکێ بۆ وە دەستهێنانی خەڵاتی باشترین فیلم لە نێوان فیلمەکانی

«هێشووەکانی تووڕەیی»، «ڕێبکا»، «چیرۆکی فیلادێلفیا» و «دیکتاتۆری گەورە» زۆر لێک نیزیک بوو.

فیلمی «ڕێبکا»ی، هێچکاک خەڵاتەکەی بردەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی خەڵاتی باشترین فیلم دەدرێ بەئامادەکار، هێچکاک نەیتوانی دەستی بەخەڵاتی ئۆسکار بگات.

لە کێبڕکێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین دەرهێنەر، جان فۆرد لە هێچکاک پێش کەوت. هێچکاکی ئینگلیزی دیسانیش ناوزەدی ئۆسکار بوو بەڵام بەدەستی نەهێنا.

لە ساڵی ١٩٤٢ واڵت دیزنی خەڵاتی ئیروین تاڵبێرگ ناسراو بەدەستکەوتی تەواوی تەمەنی وەرگرت. ئەوە لە هەمان ساڵی پرۆژەکەی خۆی «فانتازیا» بوو کە شکستێکی قورسی خوارد و دیزنی بەچاوی پڕ فرمێسک هەواڵی ناسەرکەوتنی ڕاگەیاند. کایەی ڕۆژگار ئەوەیە، ئەمڕۆ «فانتازیا» وەک بەرهەمێکی کلاسیکی سینەمای کارتۆن دەناسن.

ڕێوڕەسمی ئۆسکار ساڵی ١٩٤٢ یەکێک لە باس هەڵخێنەرترین ڕێوڕەسم لە جۆری خۆیدا بوو. «دۆڵەکەی من زۆر سەوز بوو" لە دەرهێنانی جان فۆرد ئۆسکاری باشترین فیلمی بردەوە و «هاوشاری کین»ی ئۆرسێن وێلزی بێ هیوا کرد. فۆرد لە بواری باشترین دەرهێنەریشدا ئۆرسێن وێلزی کەم ئەزموونی بێ بەری کرد لە خەڵات. هەندێ کەس بەئیستدلالەکان دەڵێن ئەوە گەورەترین بێ عەدالەتییە لە مێژووی ئۆسکاردا.

## دەیەی ١٩٥٠

ئەم دەیە لەژێر کاریگەری ناوی هەندێ لە گەورەترین دەرهینەرانی سینەما بوو. دەیویدلین، ئالفرێد هێچکاک، ئێلیا کازان، جان هیوستن و جان فۆرد،هەموو شاکارەکانیام لە دەیەی پەنجادا خوڵقاند.

ئەمە ئەو دەیە بوو کە تێیدا «سەرەگێژە»، «پردی چۆمی کوای»، «لە بارخانەدا»، «باسێک بەناوی هەوەس»، «لەنجی ئافریکێن کوئین» (ناسراو بەمەلەکەی ئافریقایی) نمایش کران.

مارلۆن براندۆ، یەکێک لە وریاترین ئەستێرەکانی هالیوود لە دەیەی پەنجادا درەوشاوە. ئەو پێنج جار ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار کرا بەڵام بۆ وەرگرتنی ئۆسکار دەبوایە ١٩٤٥ لەبەر کایە لە فیلمی «لە بارخانەدا» خەڵاتی وەرگرت چاوەڕوان بێ.

کاترین هێپبۆرن لە دەیەکانی ٣٠ و ٤٠ دوو جار ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار بووبوو سێ جاریش لە دەیەی ٥٠دا ناوزەد کرا و چوار جاریش لە دەیەی ٦٠ و بۆ دوایین جاریش لە ساڵی ١٩٨٢ ناوزەدی ئۆسکار کرا.

هێپبۆرن بەگشتی ١٢ جار ناوزەدی ئۆسكار بوو و چوار جاریان ئەم خەڵاتەی وەرگرت، تا ئێستاش هیچ ئەكـتـــرێكی تر ئـەم ڕكــۆردەی وەدەست نـەهێناوە. خۆشەویستی و لە بەردڵ بوونی هیچ ئەكتەرێكی ژنی تر بەو ڕادەیە درێژەی نەكێشابوو و هیچ ژنێكیش بەو ڕادەیە لە ڕێوڕەســمــە جـۆراوجـۆرەكـانی ئۆسـكار سـەركەوتنی وەدەست نەهێنابوو.

ڕووی زاڵی فیلمـەكانی ئەم دەورەیـە ئاوێتـەیەک بوو لە سەرسوورمان و گاڵتەجاری. بەمەشەوە ئاكادیمی لە ساڵی ١٩٥١ خەڵاتی باشترین فیلمیان بەحەق دا بە«هەموو شتێک سەبارەت بەئییوو» و لە ساڵی ١٩٥٥ دایان بە«لێرەوە تا هەمیشەیی». بەڵام لە ساڵی ١٩٥٢ دا ئۆسكاری باشترین فیلمیان دا بە«ئامریكاییەک لە پاریس» (ئەویش لە بەرامـــبــەر «باسـێک بەناوی هەوەس» و لە ساڵی ١٩٥٧ ئەو كاتەی ئۆسكاریان دا بە«گـەڕان لە جـیـــهـان لە ٨٠ ڕۆژدا»، ئاكــادیمی بەئاشكرا بەهەڵەدا چووبوو.




لە سـاڵی دوایـیـشـدا ئەم ڕووداوە دووپات بووەوە. كاتێ ئۆسكاری باشترین فیلمیان دا بە«گەورەترین نمایشی سەر جیهان» تەنانەت «مێری پیكفۆرد» كە بەڕێوەبەری ڕێوڕەسـمـەكە بوو، كاتێ فیلمی براوە ڕاگەیەندرا حەپەسابوو.

**دەیەی ١٩٦٠**

لەو كاتەی ئەمریكا بەر خۆپیشاندانی خوازیارانی ئازادییە مەدەنییەكان و تیرۆری جان ئێف كەندی ڕوو لە گـــــۆڕانكاری بوو، هـالیـــــوودیش وردە وردە و بەئارامی، ڕوو لە گۆڕان بوو.

له ساڵی ١٩٦٨ دا براوەی ئۆسکاری باشترین فیلم، یانی «له گەرمای شەودا» و ناوزەدەکانی وەرگرتنی ئەم خەڵاتە «بانی و کلاید»، «گراجوئێت» نیشاندەری ئەمریکایەکی وشیارتر و سیاسیتر بوون. ئەو ئەمریکایەی لە دەیەی ١٩٧٠ گۆڕانی بەسەر داهات.

«ئێسپێنسێر تریسی» دوای سێ جار ناوزەدی بۆ وەرگرتنی لەم دەیەدا هەرمانی کاری پرۆفیشناڵی خۆی نیشاندا و له هەمان کاتدا «بێت دێیویس» و «کاترین هێپبۆرن» له ئەکتەرە خۆشەویستەکان بوون.

یەکێک له سەرکەوتووترین فیلمەکانی ئەم دەیە «بێن هوور» بوو، کە له ساڵی ١٩٦٠ بەبردنەوەی ١١ خەڵاتی ئۆسکار ڕکۆردە پێشووەکانی شکاند و بەمانای «فیلمی گەورەی حەماسی» براوەی خەڵاتی ئۆسکاری مانا بوو. دواترەکان فیلمی وەک «سەما له گەڵ گورگەکان»، «دلاوەر» و «گلادیاتۆر» هەر پەیرەوی ئەم ئۆلگوویە بوون.

له ساڵی ١٩٦٤ی «سیدنی پواتیە» یەکەمین ئەکتەری ڕەشپێست بوو کە خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری بۆ کایە له فیلمی «سۆسنەکانی مەزرا» وەرگرت. ئەکتەری ڕەشپێستی دوایی کە ئۆسکاری وەرگرت «دێنزێل واشینگتۆن» بوو کە ئەم خەڵاتەی دوای سێ دەیە بردەوە.

له ساڵی ١٩٦٧ ئاکادیمی کێشەی دانی خەڵاتی ئۆسکاری بۆ «ئالفرێد هێچکاکی» بەدانی خەڵاتی دەسکەوتی هەموو تەمەن کۆتایی پێ هێنا. ئەمە تەنیا جارێک بوو هێچکاک دەستی له پەیکەرەی ئۆسکار دەکەوت ئەو تەنیا بەئارامی گوتی: «مەمنوون!» و له سەکۆ هاتە خوارێ.

له دەیەی ٦٠ دا مۆزیکالەکانیش خۆشەویست بوون. «چیرۆکی وێست ساید»، «خاتوونی جوانی من»، دەنگی مۆسیقا (له ئێران فرمێسک و پێکەنینەکان) و «ئۆلیوەر» ئۆسکاری باشترین فیلمیان وەرگرت.

له ساڵی ١٩٦٩ ئاکادیمی جارێکیتر نیشانی دا هەندێ له بڕیارەکانی درێژماوە بڕ ناکەن.

٢٠٠١: ئیدیسەی فەزایی (له ئێران: ڕازی کەیهان) ئیستێنلی کوبریک کە ئێستا یەکێک له فیلمە پڕ له کاریگەرییەکانی مێژووی سینەمایە هەم له بواری دەرهێنەری و باشترین فیلم له بەرچاو نەگیرا. له بەرامبەردا خەڵاتی باشترین فیلمیان دا بە«ئۆلیوەر» و ئۆسکاری باشترین دەرهێنەریان دا بە«کارۆڵ ڕید».

**دەیەی ١٩٧٠**

ساڵەکانی ١٩٧٠ بۆ فیلمسازە ئەمریکاییەکان دەیەی ئەزموونە گەورەکان بوو. فیلمسازە ئەمریکاییەکان لەم دەیەدا هەندێ لە باشترین فیلمە ئەمریکاییەکانیان ساز کرد.

بەرەیەکی تازە لە فیلم سازە لاوەکانی ئەمریکا وەک: مارتین ئێسکۆرسیزی، ویلیام فریدکین، فرانسیس فۆر کاپولا، ئێستسوێن ئێسپیلبێرگ، نۆرمەن جیۆسون و سیدنی پولاک لەم دەیە دا هاتنە بەرەی فیلم سازییەوە. ئەوانە بەجوانی ناسی فیلمە ئەوروپاییەکان پەروەردە کرابوون و گۆڕانی شێوازی فیلمسازییەکانیان، لە پێرستی ناوزەدەکانی خەڵاتی ئۆسکاردا و براوەکانیدا کاریگەرییان بوو.

«چاینا تاون» (گەرەکی چینییەکان)، (زڕ باوک)، «پەیوەندی فەرانسەوی»، «دوایین نمایش» و «مش» هەموو لە سەرەتای ئەم دەیەدا ناوزەدی خەڵاتی ئۆسکار بوون.

لەم دەیەدا بەرەیەکی نوێ لە ئەکتەرەکانیش هاتنە ناو هالیوودەوە. ڕابێرت دۆنیرۆ و جەک نیکلسۆن چ لە بواری ئاراستە و چ لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەکتەرە کلاسیکەکان وەک کلارک گیبێل و کری گرانت جیاوازییان هەبوو.

لە ساڵی ١٩٧١ دا ئاکادیمی جارێکیتر یەکێک لە هەڵەکانی چاک کردەوە و ئۆسکارێکی ئیفتخاریدا بەئۆرسێن وێلز. لە هەمان ساڵدا جۆرج سی ئێسکات یەکەمین ئەکتەر بوو خەڵاتی ئۆسکاری وەرنەگرت. ئەو پێش ڕێورەسمەکە پەیامێکی نارد و وتبوی بەشداری تێدا ناکا و نایە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی و ڕێورەسمەکەی بە«ڕێژەیەکی گۆشتی ٢ سەعاتە ناوبرد».

لە ساڵی ١٩٧٢ش دا ئۆسکارێکی شانازییان دا بە«چارلی چاپلین». زۆر کەس کاتی وەرگرتنی خەڵاتی چارلی چاپلین یان پڕ هەستترین سات لە مێژووی ئۆسکار ناو دەبەن.

چارلی بیست ساڵ پێش ئەمە، کاتێک هەڵسوکەوتی کەوتە بەر لێکۆڵینەوە، لە ئەمریکا ڕۆیشت و کاتێک لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار گەڕاوە، درێژماوەترین چەپڵە لێدانەکان لە کاتێکتدا هەموو بەپێوە وەستابوون، چاوەڕوانی دەکرد.

تەواوی فیلمە گەورەکانی براوەی ئۆسکار لە ئەم دەیەدا وەک: «زڕباوک» بەشی یەکەم و دووهەم و «فڕین بەسەر هێلانەی ڕووخاو» (لە ئێران: شێتێک لە قەفەس ڕای کرد) جگە لە هەندێ هێشتا دەکەونە ڕیزی فیلمە کلاسیکەکانەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ فیلمی «پێوە دان» (بەکایەی پۆل نیومەن و ڕابێرت فۆرد) بەسەرکەوتن

بەسەر «دیوارنیگاریی ئامریکایی» و «جێن گیر» بوو بەبراوەی ئۆسکار و سێ ساڵ دوایی، «راکی» سیلوستێر ئێستالۆنێ بەسەرکەوتنی لە «شۆفیر تاکسی»ی مارتین ئێسکۆرسیزی و «هەموو پیاوەکان سەرۆک کۆمار»ی ئالێن جیی پاکولا) خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەری (جان ئاویلدسۆن) بردەوە.

جەنگی ئەستێرەکان، (جۆرج لۆکاس) باشترین و سەرکەوتووترین فیلمی ئەم دەیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا حەوت خەڵاتی ئۆسکاری لە بوارە فەننییەکاندا بردەوە بەڵام خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەریان پێی نەدا.

## دەیەی ١٩٨٠

فیلمە باشەکانی ناوزەدی ئۆسکار لەم دەیەدا ڕادەی باشیەکەیان وەک فیلمەکانی دەیەی ١٩٧٠ نەبوون. لەم دەیەدا فیلم گەلی ئیحساسی وەک «شۆفیری بۆ خاتوو دیزیی»، «دڵ ئاوەڵێ»، (کچی کارەکەر، «لە پاڵ ئەستێری زێرین» ناوزەدی ئۆسکار کران.

بەڵام فیلمی باشی وەک «ون بوو»، «یۆەک خۆی»، ڕەنگی ئەرخەوانی، جوخە، منالێنی خوایی کەهتەر LESS، «هیوا و شکۆ» و «می سی سی پی دەسوتێ»، کە ڕەنگدانەوەی ئاوێتەیەک لە هەستێکی مێژوویی و ویژدانێکی کۆمەڵایەتییان تێدا بوو، لە ناو ناوزەدەکانی ئۆسکاردا بوون.

ساڵی ١٩٨١ زیندووبوونەوەیەک بوو بۆ سینەمای بەریتانیا. داشقە ئاورینەکان لە حەوت بواردا بوون بەناوزەدی ئۆسکار و چوار جار خەڵاتی بردەوە. ساڵی دوایی «گاندی» ١١ جار بوو بەناوزەدی ئۆسکار و هەشت جار خەڵاتی بردەوە.

داشقەکانی ئاگر فیلمی پڕ بینەری ساڵی ١٩٨١ فیلمی «سورەکان»ی وارێن بیتی کە ١٢ جار بوو بەناوزەدی ئۆسکار بەڵام سێ جار براوەی خەڵات بوو کاریگەری لەسەر بوو، یەکێک لەم سێ خەڵاتە، ئۆسکاری باشترین دەرهێنەر بوو.

دوو کەس لە سەرکەوتووترین ئەکتەرەکانی ئەم دەورەیە، مێریل ئێستریپ و داستین هافمەن بۆ کایە لە فیلمی «کریمەر لە دژی کریمەر» ئۆسکاریان وەرگرت.

ئێستریپ کە دوای کاترین هێپبۆرن سەرکەوتووترین ئەکتەری ئۆسکارە، لەم دەیەدا پێنج جاری تر ناوەزەدی وەرگرتنی ئۆسکار بوو. هافمەن لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ فیلمی تۆتسی ناوزەد کرا و لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ دووهەمین ئۆسکاری باشترین ئەکتەری وەرگرت.

ئەم دەیە بەم ڕووداوە نا موبارەکە دەستی پێ کرد کە درامێکی بنەماڵەی ڕابێرت فۆرد

بەناوی «پیاوی نۆرماڵ»، ئۆسکاری باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەری لە دەست شاکاری مارتین ئێسکۆرسیزی بەناوی «مانگای تووڕە» ئەستاند.

لە ساڵی ١٩٨٤ فیلمی «مرجەکانی خۆشەویستی» پێنج خەڵاتی ئۆسکاری لەوانە سێ خەڵاتی بۆ «جێیمز بروکز» وەک دەرهێنەر، ئامادەکار و نووسەری بردەوە. سەرکەوتنێک پێشتر تەنیا چوار دەرهێنەری تر وەدەستییان هێنابوو: لێئۆ مەک کرێی لە ساڵی ١٩٤٤، بیلی وایلدەر لە ساڵی ١٩٦٠، فرانسیس فۆرد کاپۆلا لە ساڵی ١٩٧٤ و جێیمز کامێرۆن لە ساڵی ١٩٧٧.

لە ساڵی ١٩٨١ ڕۆبێرت دێنیرۆ کە چوار جار ناوزەدی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری بووبوو تا ئەوەی ئۆسکارەکەی بۆ کایە لە چوارەمین فیلمی ئۆسکار سیزی بۆ کایە لە نەخشی جیک لاموتای مست ژەن لە فیلمی «ێمانگای توڕە»ی وەرگرت.

جەک نیکۆلسیوون هەر وا خۆشەویستی ئاکادیمی بوو و هەوەڵین ئەکتەر بوو کە دوای وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئۆسکار (لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ فیلمی فڕین بەسەر هێلانەی ڕووخاو) لە ساڵی ١٩٨٤ (بۆ فیلمی «مەرجەکانی خۆشەویستی» ئۆسکاری نەخشی باشترین ئەکتەری تەواوکەری وەرگرت.

**دەیەی ۱۹۹۰**

ئەم دەیە بۆ سینەمای بەریتانیا پڕ لە کار بوو. لە ماوەی حەوت ساڵدا نۆ فیلمی بەریتانیایی لە وانە: «فول مانتی»، «چوار زەماوەند و بەخاک ئەسپاردنێک»، «ڕازەکان و درۆکان» و کایەی «گریستێن» ناوزەدی وەرگگرتنی ئۆسکار کرابوون.

لە ساڵی ١٩٩٩ «شکسپیەری عاشق» خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بردەوە و «نەجاتی سەرباز ڕایان»ی بێ ئاکام کرد.

ئەگەرچی مێژووی ئۆسکار پڕە لە گلەیی لەم شێوەیە بەڵام پڕوپاگەندەی کۆمپانیای سپانسێری «شێکسپیەری عاشق» بۆ وەدەستهێنانی ئۆسکار لەم بوارەدا کێبڕکێیەکەی گەیاندبووە ئاستێک لە خوارەوە. بەم جۆرە بەدوای ئەمەوە پڕوپاگەندەیی زۆر بۆ وەدەستهێنانی ئۆسکار زیاتر بۆ بەقاعیدە تاکو تایبەتمەندی.

لە ساڵی ١٩٩١ کویین کاستێر بەفیلمی «لەگەڵ گورگەکان سەما دەکا» کە ئۆسکاری باشترین فیلمی وەرگرت، دووبارە ژیانەوەی جۆری وێسترین ساز کرد. لەبەر خۆشەویستی «جۆری وێسترێن» کە ئۆسکاری باشترین فیلمی بردەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ فیلمی

«نەبەخشراو» کلینت ئیستوود سێیەمن وێسترێنێک بوو کە ئۆسکاری وەرگرت.

مارتین ئێسکۆرسیزی لە دەیەی ۱۹۹۰یش لە بەرچاو نەگیراوە. دەرهێنەری «دۆستە باشەکان» ئەمجارە خەڵاتەکەی بە«کوین کاستنێر»دا. ئێستیوێن ئیسپیلبێرگ لانیکەم لە بواری ماڵیدا سەرکەوتووترین دەرهێنەری سینەما دەژمێردرێ و تاکو لە ساڵی ۱۹۹٤ خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بۆ «پێرستی شیندلێر»ی وەرگرت. ئەم فیلمە لە ۱۲ بواردا ناوەزەدی ئۆسکار بوو و حەوت خەڵاتی وەرگرت و ڕای زۆر کەسی کە پێیان وابوو ئێسپیلبێرگ تەنیا دەتوانێ فیلمی عامییانە و گشتی ساز بکات، گۆڕی.

تام هێنکس خۆی وەک ئێسپێنسێر تریسی بەرەی خۆی ناساند. ئەو لەم دەیەدا دوو ئۆسکاری وەرگرت. جارێک لە ساڵی ۱۹۹٤ بۆ فیلمی «فیلادێلفیا» و جارێکیش لە ساڵی ۱۹۹۵ بۆ فیلمی «فارست گامپ».

لە ساڵی ۱۹۹۷ ئەو کاتەی هیچ یەک لە کۆمپانیا گەورەکانی هالیوود لە سەرەتادا ناوی فیلمەکانیان لەگەڵ ناوزەدەکانی ئۆسکاردا نەبوو، فیلمی «نەخۆشی ئینگلیزی»ی ئانتۆنی مینگلا مەترەح بوو، بەڵام هەم دیسان براوە هالیوود بوو.

ساڵی دواتر، «تایتانیک» کە هالیوودیترین فیلمی جیهانە، ئۆسکارەکانی یەک بەدوای یەکدا دەبردەوە. ئەم فیلمە لە ١٤ بواردا ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار بوو و ١١ ئۆسکاریانی بردەوە، ڕێک وەک ئۆسکارەکانی «بێن هوور».

ئاکادیمی هێشتاش حەزی لە فیلمە مێژوویی و حەماسییەکان دەکرد. «دلاوەر»ی مێل گیبسۆن لە ساڵی ۱۹۹٦ ئۆسکاری باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەری وەرگرت.

### لە دوای ۲۰۰۰ەوە

سەدەی نوێ کاتی هاتنە مەیدانی تەسویرسازییە کۆمپیوتەرییەکان بوو. ئەم تەکنیکە ئەم بڕوا بەخۆ بوونەی دا بەئیستۆدیۆکاندا تا بۆ جارێکی تر ڕوو بکەنە فیلمگەلی گەورە و حەماسی وەک: سێ دانەیی «ئەربابی حەڵقەکان» و «گلادیاتۆر».

سەنعەتی فیلمی بالیوودیش ڕوو لە گەشان بوو و فیلمی وەک «لاگان» و «داوداس» بینەری غەربییان هەبوو. لە ڕێوڕەسمی ئۆسکاری ساڵی ۲۰۰۱ ئەو کاتەی گلادیاتۆر خەڵاتەکانی بردەوە، ریدلی ئێسکات بیرەوەری «بێن هوور»ی زیندوو کردەوە. ئەم فیلمە لە ۱۲ بواردا ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار کرابوو و پێنج ئۆسکاری وەرگرت، لەوانە ئۆسکاری باشترین فیلم و باشترین ئەکتەری (ڕاسێل کرو) بەڵام خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بۆ

ئێسکات نەبوو و درا بەئێستیوێن سودێربێرگ لەبەر فیلمی «قاچاغ».

«بەبر خیزان»، «ئەژدیهای شاراوە»، سەرکەوتووترین فیلمی مێژوو بوون کە زمانەکەیان ئینگلیزی نەبوو، لە وەرگرتنی ئۆسکاریش نیزیک بوو بەڵام لە فیلمی «گلادیاتۆر»، لەبەر ئەوەی حەماسەیەکی سوننەتی تری بوو شکستی خوارد.

لە ساڵی ٢٠٠٢دا هال بری وەک یەکەمین ژنی ڕەشپێست کە خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت، مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمار کرد. لە هەمان ڕێورەسمدا، دێنزێل واشینگتۆن دووهەمین ڕەشپێستی براوەی ئۆسکار خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی وەرگرت و سیدنی پواتییە یەکەمین ڕەشپێستی براوەی ئۆسکار، خەڵاتێکی شانازیی وەرگرت.

خەڵاتەکانی ئەکتەری کەم تا زۆر کاریگەریی لەسەر سەرکەوتنەکانی فیلمی «زەینی جوان»ی ڕان هاوارد بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٣ فیلمی «شیکاگۆ» دوای وەرگرتنی شەش ئۆسکار نیشاندەری گەڕانەوەی فیلمە مۆزیکاڵەکان بوو. سێ دانەیی «ئەربابی حەڵقەکان»یش لە گیشەدا سەرکەوتوو بوو بەڵام ئاکادیمی لە سەرەتادا ڕاوستا تاکو هەر سێ فیلمەکە تەواو بن.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا «گەڕانەوەی پاشا» تەواوی خەڵاتەکانی لەو ١١ خەڵاتەی دیاری کرابوون بردەوە و لەوانە خەڵاتی باشترین فیلم و دەرهێنەری (پیتێر جەکسۆن). دوو فیلمی پێشووی ئەم سێ دانەییە لە ساڵەکانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ سەرکەوتنی زۆریان نەبوو و لەو ١٩ ئۆسکارەی ناوزەدی کرابوو ٦ ئۆسکاریان بردەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا شوون پێن خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری پیاوی بۆ کایەکردن لە فیلمی «ڕووباری نەناسراو» وەرگرت و شارلیز ترۆن لە بۆ کایە کردنی لە نەخشی قاتڵێک لە فیلمی «دێوەزمە» ئۆسکاری باشترین ئەکتەری ژنی وەرگرت.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا فیلمی «کچی ملیۆن دۆلاری» دەرهێنانی کلینەت ئیستوود، ئەکتەر و دەرهێنەری ئەمریکایی، ئۆسکاری باشترین فیلمی وەرگرت. ئەم فیلمە لە حەوت بەشدا ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار بوو، خەڵاتەکانی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەری وەدەستهێنا و هیلاری سووانک و مۆرگان فریمەن ئەکتەری ڕەشپێستی ئەمریکایی، لەبەر کایەکردن لەم فیلمەدا بەزیز خەڵاتی باشترین ئەکتەری نەخش یەکەمی ژن و باشترین ئەکتەری تەواوکەری پیاویان وەدەستهێنا.